HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network
هێلین

لەیلا قاسم، نمونەی باڵای تێکۆشانمان

د.ڤیان سلێمان

لە ڕێڕەوی خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرانێکی زۆر ناویان لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کراوە و ژیان و ئەزمونیان نمونە بووە بۆ سەدان و هەزارانی تر کە ڕێگەی تێکۆشانیان هەڵبژاردووە و خۆیان فیدای ڕزگاری نیشتمان کردووە، بەڵام وەک دەزانین سەرەڕای ئەوەی؛ بەدرێژایی مێژووی ئەو بزاڤە نەتەوەییە ئازادیخوازە ئافرەتان کۆڵەکە و ستونی سەرەکی بەردەوامی و سەرکەوتن بوون، بەڵام لەبەر باڵادەستی هزری پیاوسالاری و ڕوانین لە ئەرکی شۆڕشگێڕی و بەرخودان لە ڕوانگەی جێندەرییەوە وەک ئەرکێکی پیاوانە و لەو چوارچێوەیەشدا کەمی دەرفەت لەبەردەم دەرکەوتن و هەڵکەوتنی سمبولی ئافرەت وەک شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و ژیانفیدای خاک، دەگمەنن ئەو ئافرەتانەی کە لەو گۆڕەپانەدا هەڵکەوتوون و دەگمەنن ئەو بزاڤانەش کە وەها دەرفەتێکیان بۆ دەرکەوتن و بەسمبولبوونی ئافرەت ڕەخساندووە. لێرەدا و لە کاتێکدا پێویستە یاد و ئەزموونی لەیلا بەرز و بەشکۆ رابگرین، لەهەمانکات دەبێت شانازی بکەین بەوەی کە لەسەر ڕێبازێکین ڕێبازی پیرۆزی پارتی و بارزانییە، هەر لە سەرەتاوە پێشەنگ بووە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ تێکۆشانی ئافرەت و بەسمبولبوونی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییماندا.

لێرەدا باس لە ئەزموونی ئایکۆنی درەوشاوەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان شەهید لەیلا قاسم و تێکۆشانی ئەو لە قۆناخێکدا دەکەین، کە گەلی کوردستان لەباری سیاسییەوە لەژێر چەپۆکی داگیرکاری دیکتاتۆرترین دەسەڵاتی سەردەم و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە هاوشێوەی ناوچەکە لێوانلێو بووە لە ڕوانینی پیاوسالاری و هزری نەریتی کە دەرکەوتن و هەڵکەوتنی ئافرەت تەنانەت لە بواری مەدەنی و پیشەییشدا جێی سەرنج و تێبینی بووە، ئەوە لە فەزای سیاسی و تێکۆشانی سەختی نەتەوەیی بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆر و خوێنرێژ و نەژاد جیاوازە ئەوپەڕی ڕێگەپێنەدراو بەڵکو تا ڕادەیەک تابۆ بووە.

لەیلا قاسم، ئەو تێکۆشەرەبوو، کە چەمکە مۆنۆپۆڵکراوەکان و هاوکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ پێچەوانە کردەوە، ئەو بە نەبەردی و ئازایەتی و ملکەچنەکردن بۆ زۆرداری دەسەڵاتی داگیرکەر و پێداگری لە بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێبازی پیرۆز، سەلماندی ئەوەی بە پیاو دەکرێت، ئافرەتیش دەتوانێت جێبەجێی بکات، بەڵکو دەتوانێ سەرمەشقی ئەو تێکۆشانەبێت، زیاتر و دیارتر و جیاوازتریش ئەو ڕۆڵە بەرجەستە بکات. ئەو سەلماندی کە چەمکەکانی ئازایی و نەبەردی و بەهێزی و شۆڕشگێڕی چەمکی جێندەری نین و تایبەتمەندی هەردوو توخمی مرۆڤن بەبێ جیاوازی.

دەسەڵاتی دیکتاتۆر لەیلا قاسمی لەسێدارەدا، بەڵام وەک لەیلا خۆی بە جەلادەکانی گوت: "بەکوشتنی من هەزاران کورد هۆشیار دەبنەوە و زۆر خۆشحاڵم کە ژیانم فیدای ڕێی ڕزگاری کوردستان دەکەم". هەرواشبوو لەیلا لەکاتی خۆیدا بوو بەهۆی جۆشدانەوەی خەبات و هێمای خەباتی نەتەوەیی و هەزاران لە کچانی کوردستانی بەناوکرا و بوو بە بەشێک لە ئەدەبیاتی بەرگری و هەڵبەستی شاعیر و ئاوازی هونەرمەندان و تا ئێستاش چەندین قوتابخانە و شوێنی گشتی بەناوی ناسراوە و هەمووساڵێکیش یادی بەرتر ڕادەگیرێت.

لەیلا قاسم بۆ ئێمە سمبولە و ئەزمونی ژیان و تێکۆشان و مەرگی شکۆدار و شەهادەتی پیرۆزی تێشووی خەبات و مەشخەڵی ڕووناککردنەوەی ڕێی تێکۆشانمانە. هەموو سات و ساڵێ بەڕێز و شکۆوە یادی دەکەینەوە و تا گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازی یەکجاری.

پەیامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ٤٧ەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم

لە چل و حەوتەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم، سڵاو و درود بۆ ڕۆحی بەرزەفڕی دەنێرین. لەیلا قاسم لە قۆناخێکی هەرەسەختی مێژووی گەلەکەمان، لە پایتەختی زۆرداری و ستەمەوە لەپێناو ئازادی کوردستان چالاکی و ڕێکخستنی سیاسی بەڕێوەبرد و سەری بەرزی بۆ فشار و ئەشکەنجەی ستەمکارانی بەعس دانەنواند. بە سرودی ئەی ڕەقیب و بروایەکی پۆڵاین بە کوردایەتی و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی چووە بەر پەتی سێدارە و هەرمان و نەمری هەڵبژارد. بەوەش سەلماندی کە ئافرەت نەک هەر دەتوانێ ئەرکی خۆی بەرامبەر نەتەوە و نیشتمان بەجێبێنێ، بەڵکو پێشڕەو و پێشەنگی تێکۆشانە.

نەبەردی لەیلا قاسم و خۆڕاگری و ڕادەستنەبوونی بۆ ئیرادەی ڕژێمی دیکتاتۆر بوو بە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ بەهێزبوونی بڕوای نەتەوەیی و تێکۆشانی ئازادیخوازیی و پەیوەستی هەزاران لە ڕۆڵەکانی نیشتمان بە ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و کوردایەتییەوە، هەربۆیە یاد و بیرەوەری هەمیشە بە نەمری دەمێنیتەوە.

بۆئەوەی ئاسۆی ڕزگاری نەتەوەیی و خەباتی پیرۆزمان بۆ کوردستانێکی یەکسان ڕووناک و درەوشاوەبێ، ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بەو باوەڕ و ئازایەتیەیە کە لە دەرون و باوەڕ و ئەزموونی خەباتی لەیلا قاسمدا هەبوو تا بتوانین لە ئاست ئەرکی پیرۆزی ڕزگاری نەتەوەیی و کاریگەری ڕۆڵی ئافرەت بین لەو بوارە سەرەکییەی ژیانی گەلەکەمان.

ئێمە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، شانازی بە لەیلا قاسم دەکەین و یاد و بیرەوەری بەرز و پیرۆز ڕەدەگرین و پەیمان دەدەین کە هەمیشە شوێنپێهەڵگری هەنگاوەکانی ڕێی تێکۆشانی ڕزگاری و سەرفرازی ئەو سمبولە باڵایەی خەباتی کوردایەتی و ئازادی کوردستان دەبین.

درود بۆ ڕۆحی لەیلا قاسم و هەڤاڵانی شەهیدی و گشت شەهیدانی کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشەلەیاد.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
٢٠٢١/٥/١٢

تریفە محمود

هەوڵدانی ئافرەت بۆ ئامانجەکانی

هەمیشە کە باسی مافی ئافرەت دەکرێت زۆرێک لە ئێمە یەکسەر ئەوە دێت بە خەیالیدا کە مافی ئافرەت پێشێل کرابێت لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە،وە دەبێت مافی ئافرەت لە ڕەگەزی بەرامبەر وەربگیرێتەوە،هەرچەندە ئەمەش بونی هەیە،بەڵام بە بۆچونی من مافی ئافرەت بەڕێژەیەکی زۆرتر لەلایەن خودی خۆی وە ئافرەتی ترەوە پێشێلکراوە وە دەبێت لەو دوو کەس وەربگیرێتەوە چونکە زیاتر لە لایەن ئەم دوو کەسەوە مافی ئافرەت پێشێلکراوە، یەکەم کەس خودی ئافرەتەکە خۆی چونکە زۆرێک لە ئافرەتانی کۆمەڵگاکەمان بەناوی ئەوەی کە ئافرەتن خۆیان لە زۆر شت بێبەش کردوە وەک (خوێندن، چونەدەرەوە لەماڵ،دەربڕینی بیرو ڕای خۆی، قسەکردن لە ناو کۆر و کۆمەلدا،هەڵبژارنی ئەوکارەی کەخۆی پێی خۆشە،ڕۆشتن بەدوای خەون و ئامانجدا وە چەندانی تر کە سەرچاوەی نەکردنی ئەم کارانەش تەنها ئەوەیەکە هەوڵیان نەداوە و سورنەبون لەسەری و بە بەربەستێکی بچوک وەستاون،بەناوی ئافرەت بونەوە خۆیان لەم کارانە دزیوەتەوە و هەوڵیان نەداوە ئەو بەربەستانەی کە دێتە ڕێیان ببڕن و بەسەریدا زاڵبن و نەیان ویستوە ئەم کارانە و چەندین کاری باشی تریش بکەن،لەکاتێدا بەشێک بوە لە خەونیان و لە ناخیاندا پر بە دڵ ویستویانە،وە خۆیان لە چەندین کار کە هاتوەتە بەردەمیان لاداوە هەرچەندە پێشیان باش بوبێت، بەڵام بەبیانوی ئەوەی بۆ ئافرەت نابێت خۆیان لێ لاداوە، لە کاتێکدا هەرکارێک کە پیاو بتوانێت ئەنجامی بدات ئافرەتیش بە هەمان شێوە و باشتریش دەتوانێت ئەنجامی بدات .

دووەم کەسیش هەر ئافرەتە، ئافرەتانی چوار دەوری وەک دایک و خوشک و بوک و پور و خەسو و دراوسێ و هەتا نەناسراویش ....،زۆربەی ناحەقی و پێشیلکاری کە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت زۆر بەداخەوە لە لایەن ئافرەتی ترەوەبوە یان یارمەتی دەربوە،لەکاتێکدا پێویستە هەموو ئافرەتان پشتی یەک بگرن و دەست لەناو دەست ڕووبەڕووی هەر ناحەقی و ماف خواردنێک ببنەو کە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت،چونکە هەتا ئافرەت خۆی دان بە مافی خۆی دا نەنێت و لە پێناویدا نە جەنگێت نابێت چاوەڕێی ئەوە بکات کە کەسانی تر دان بە مافیدا بنێن و پشتگیری لێ بکەن، وە دەبێت هەموو ئافرەتێک لە ناخی خۆیدا خۆی بەکەسێکی بەهێز و بەتواناو بوێر بزانێت کە توانای ئەنجامدانی هەر کارێکی هەیە تەنانەت ئەگەرکارێکی مەحاڵ و گرانیش بوە، وە خۆی بۆ هیج بەر بەستێک کە دێتە ڕێی لانەدات، بەڵکو بەربەستەکان لابدات،چونکە ئافرەت مەخلوقێکی زیرەک و بەتوانا و لێهاتوە،گەر خۆی بیەوێت.

ئافرەت و جڤاك

دلڤین خەلەف

هەر وەکو دیار رەوشا هەر کۆمەلگەهەکا سەرفەراز ئافرەتەکا سەرکەفتی بوویە و دژیانا هەر جڤاکەکی ساخلەم دە ئافرەتەکا ئازا و ژیرە هەبوویە و هەر وەلاتەکی پێشکەفتی ئافرەتەکا خودان شیان و ژێهاتی و خەباتکەر بەرەڤانی ژێ کریە و پاراستیە و ئاڤەدان کریە و پەروڤاژی ڤێ چەندێ ژی هەر کۆمەلگەهەکا پاشڤەمایی و رێز ل ماڤێ ئافرەتان نەگرتی و دانوستاندنەکا شاش و نەرەوا دگەل دا کری و باوەری ب هێز و شیانێن وێ نەهینایی مایە پاشڤەمایی و ئەو وەلات نەهاتیە ئاڤەدان کرن و بەرف قوناغەکا خراب ڤە چوویە.

هەروەها ل وەلاتێ مە ژی ئافرەتا کورد سەرەرای هەلویستێ وێ یێ نەتەوەیی و مکوم دەربارەی دۆزا رەوا یا ڤی مللەتێ کارتێکرنەکا مەزن لسەر کۆمەلگەهێ هەبوویە و جڤاکا مە ب بیرو بۆچوونین خوە یێن زەلال زەنگین کرینە و هەموو دەما هەولێن ئاڤدانیا کۆمەلگەهەکا شارستانی ئارمانجا وێ بوویە و لهەر ئاستەکی ژیانێ دە یا سەرکەفتی بوویە لەوما پیدڤیە هەردەم رێزەکا تایبەت ل شیانێن ئافرەتا کورد بێتە گرتن و سەرەدەریەکا باش د گەلدا بێتە کرن.

* مافێ ئافرەتێ: هەر وەکو تەڤایا ئافرەتێن جیهانێ ئافرەتا کورد ژی د هەموو بوارین ژیانێ دە مافەکی سروشتی و رەوا د وەلاتێ خوە دە هەیە و بهیچ رەنگەکی نە جهێ رەزامەندیا وێیە کو ژ شانێ وێ بهێتە کێمکرن یان ژی بجاڤەکی بچوکتر د کۆمەلگەهێ دە سەرەدەری دگەل بێتە کرن و مافی وێ بێتە پوچەلکرن و فەرە ژ هەر وەلاتەکی ل جیهانێ بیتر رێز ل هەبوونا ئافرەتا کورد بێتە گرتن ژبەر کو ئەوێ ژی هەردەم و د هەموو کاودانێن مللەتی مە تۆش بوویێ مل بملێ زەلامێ کورد ئامادەیا خوە دایە خویاکرن و قوربانی دایە و بهیچ رەنگەکی ل همبەر دژواریا ژیانێ خوە دوور نەدیتیە و خوە پاشڤەنەدایە بەلکو هەردەم پالپشت و پالدەرەکا خوەرت و بهێز بوویە ژبۆ بدەستڤە هاتنا مافین رەوا یێن گەلێ خوە و گوهنەدایە کارتێکرنا دژوار یا ئەنجامێن بەروڤاژی یێن زۆلم و زۆرداریا سیاسەتا چەوت یا دۆژمنان و بەردەوام پینگاڤ ژبۆ گەهاندنا هەستێ نەتەوەیی و خوەرتکرنا ئاستێ نشتیمانپەروەری هاڤێتینە و بسەرکی بلند داخوازا مافێ گەلێ خوە کریە و ئەڤ چەندە ژی ب نافێ خوە زانیە و لسەر بێ دەنگ نەبوویە.

> پێویستە لسەر هەموو لایەنێن پەیوەندیدار و رێکخراوێن بەرگریێ ژ مافێ ئافرەتێ دکەن و رێکخراوێن پشتەڤانێ مافی مرۆڤان رێکێ ل ڤان جۆرە کریارین درندە و نەی رەوا بگرە و مافێ ئافرەتێ بپاریزە و رێزێ ل تایبەتمەندیا وێ بکە و پالپشتیێ ل کەسایەتیا وێ بکە ژبەر کو ئافرەت جیهانا مرۆڤایەتیێ یە

* ئەرکێ ئافرەتێ: بێگومان دناڤا هەر جڤاکەکی دە ئەرکەکی سروشتی دکەفتە سەر شانێ ئافرەتێ ژی و لسەر وێ فەرە ب رەنگەکی شایستە ئەوی ئەرکی جی بەجی بکەت، راستە ئەرکێ وێ زەحمەتیەکا بەرچاڤ تێدا هەیە و گەلەک جاران ژ وێ رە بوویە بارگرانیەکا مەزن بەلێ بەردەوامیا ژیانێ وێ چەندێ دخوازێ کو هەڤپشکیا ئەرکی دناڤبەرا هەردوو رەگەزان دە ببە ئێک ژ گرنگیێن سەرکەفتنا کۆمەلگەهێن شارستانی و خویا دکە کو ئەرکێ ئافرەتێ دهەموو بواران دە کێمتر ژ یێ زەلامی نەبوویە.

و هەروەها د بواری خزمەتکرنا جڤاکێ دە ژی رۆلەکی سەرەکی هەبوویە و خوە ژ بوارێ پەروەردەکرنا نفشێن سەرکەفتی دە ژی خوە مامۆستایەکا رەهوان و ژیر دیتیە و ئەڤ چەندە ژی وەکو ئەرکەکی گرتیە سەر شانێ خوە

* خوە پاراستنا ئافرەتێ: هەبوونا کەسایەتیەکا بهێز ژبۆ ئافرەتێ دناڤا جڤاکەکێن پێشکەفتی دە باشترین بەرگریە ژبۆ پاراستنا وێ ژ هەر دەردەسەریەکێ و بتایبەت دبوارێ شەرمێ و ترسێ دە فەرە هەر ئافرەتەک سەرەدەریەکا شایستە دگەل کەسێن بەرامبەری خوە بکەت و خوە بخودان بیروباوەریەکا موکوم دناڤ کۆمەلگەهێ دە ببینێ و راستیا هەپشکیا خوە د هەموو بوارین ژیانێ دە دگەل رەگەزێ نیر بدە خویاکرن و دەلیڤا ڤالاتیەکێ ژبۆ گۆمانێ نەهێلێ و بڤی رەنگی هەر ئافرەتەک ژیهاتی وێ کەسایەتیا خوە پارێزێ و خوە سەرفەراز دناڤ جڤاکا خوەدە بینێ.

* بەرگریکرن ل ئافرەتێ: بویە دەمەک دناڤ کۆمەلگەها مە یا کوردی دە و ژ هەموو پێکهاتین کوردستانێ لسەر بابەتێن شەرەفێ ئافرەت دبە قوربانیا هزرو بیرێن پاشڤەمایی و سڤکایەتی ب هەستی وێ دهێتە کرن و بێ کو کاربە بەرگریێ ژ بیرو بۆچوونێن خوە بکە دهێتە ئێشاندن و بەرە بەرە ئەڤ چەندە ژی دبە دیاردەکا خراب لەوا پێویستە لسەر هەموو لایەنێن پەیوەندیدار و رێکخراوێن بەرگریێ ژ مافێ ئافرەتێ دکەن و رێکخراوێن پشتەڤانێ مافی مرۆڤان رێکێ ل ڤان جۆرە کریارین درندە و نەی رەوا بگرە و مافێ ئافرەتێ بپاریزە و رێزێ ل تایبەتمەندیا وێ بکە و پالپشتیێ ل کەسایەتیا وێ بکە ژبەر کو ئافرەت جیهانا مرۆڤایەتیێ یە.

پێشنیار ژبو سەرکەفتن دژیانێ دا کو لسەر تابلویەکێ دکلینکا دکتورەکی ل هندێ هاتیە نڤیسین

- ژیانا هەڤژینێ دگەل کەسەکێ گونجاو پێک بینە، ئەو دبیتە ئەگەرێ (٩٠٪) ژکەیفخوشی یان نەخوشین تە تاکو دوماهیا ژیێ تە .
- دپێشەیەکێ دا کاربکە کۆ تو حەژێ بکەی و یێ هەژیبیت تو گەنجاتیا خو لسەر ببورینی.
- بلا ئێکەم ئارمانجا تە دژیانێ دا چاڤدیریا خیزانا تەبیت ودابینکرنا ژیانەکا کەیفخوش بو وان .
- زیدەتر ژیا کو تو پێشبینیێ دکەی پێشکیشی هەڤال و کەس و کار و وەلاتێ خو بکە .
- خو عەزاب نەدە و ژخو و کەسانێن دیتر ببورە بەرامبەر خەلەتێن چووی .
- هەر روژ کارەکێ باش بو کەسەکێ تو نەنیاسی بکە و خوشیێ ژپێدانێ ببینە بەرێ وەرگرتنێ .
- دناڤبەرا برسیاتیێ و قەرکرنێ، برسیاتیێ بهەلبژیرە .
- تاکو برسی و پێدڤی ب کەسێ نەبی، پارچەکێ ژداهاتێ خو بهەلگرە خو ئەگەر چەند یێ زیدەژیبیت .
- خو ژهەڤالێن خو یێن بکیرنەهاتی خلاس بکە و یێن سەرکەفتی بگرە .
- رەفتارێ دگەل هەمی کەسەکی بکە هەروەک کو تو رەفتارێ دگەل هەڤالەکێ خو یێ بەری چەند سالە تە نەدیتی و تو ژنوی ببینیەڤە دکەی .
- دەما تو رازی بوی لسەر کارەکی، یێ دلسوز و دەستپاک بە دجێ بەجێ کرنا وی کاری دا .
- یێ ئازابە و بەرپرسیارەتیا خەلەتین خو بتنێ بهەلگرە .
- ببە زیدەترین کەس کو یێ ب ئومێد و ب سوودبی، و روژا خو ب لاپەرەکێ نوی ڤەکە .
- هەڤال و دلسوز و بیهن فرەهبە دگەل ئەو کەسێن رەفتارێ دگەل دکەی .
- کەیفخوشیێ پەیوەندیێ ب پارەی و دەستهەلاتێڤە نینە بەلکی ب رێکا تو سەحدکەیە ژیانێ ڤە گریدایە .
- بووچونا خەلکی لسەر پشت گوە نەهاڤیژە، هندەک کێماسی ێن هەین تو دخودا نابینی .
- بەردەوام سەحکە گوپیتکێ وەک مێرییێ، ئەو سەردکەڤیت و چەندجار دکەڤیت بەری کو بگەهیت .
- و ل دوماهیێ تشتەکی نەکە دەیکا تە شانازیێ پێ نەبەت، یان بابێ تە هەست ب شەرمزاری بەرامبەر بکەت.

ڕێژین نهێلی

لەیلا قاسم، سیمبولی ئافرەتی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرە

زۆرن ئەو ئافرەتانەی کە لەشـــۆڕش و خەباتی رزگاریخوازی کوردستاندا رۆڵی بەرچاویان هەبووە و شانبەشانی پێشمەرگە خەبات وتێکۆشـــانیان کردوە و کاریگەریـــان هەبوو، یەکێک لەو ئافرەتە تێکۆشـــەرانە کە ئەمڕۆ ساڵوەگەری ((٤٧))مین ساڵیادی لە سێدارەدانی شەهید لەیلا قاسم وهەڤاڵەکانیەتی.

ئافرەتی تێکۆشـــەری کورد لەیلا قاســـم لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی بامیلی ســـەر بە شاری خانەقین لە خێزانێکی هەژار و نیشتیمانپەروەری کورد لەدایکبووە.

لە ســـاڵی ١٩٥٨ لە شـــاری خانەقین دەســـتی بە خوێندن کردووە و قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لە خانەقین سەرکەوتووانە تەواو کردووە. لە تەمەنی منداڵییەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست کردووە و گرنگی بە هاوڕێیەتیداوە.

هاوڕێـــی منداڵی لەیلا، نووســـەر و ڕۆئافرەتامەوان ئەحلام مەنســـوورـی کۆچکردوو دەڵێت: " لەیلا، هەر بە منداڵییەوە کچێکی چالاک و وریا بوو، هەمیشـــە سەیری ئاسمان، مانگ و ئەستێرەکانی دەکرد، کچێک بوو حەزی لە زانین دەکرد، بۆیە لە خوێندنیشدا زۆر زیرەک بوو".

هەستی نیشتمانپەروەری لەیلا قاسم

زوڵـــم و زۆرداری ڕژێمی عێراق لە بەرامبەر گەلی کورد، هەر لە منداڵییەوە کاریگەریی لەسەر لەیلا دروستکردووە و هۆگری نیشتیمان و وڵاتی کردووە، ڕۆحی یاخیبوونی لە ناخیدا دروست کردووە، سەرەنجام ویست و هەستی پێداگری لەسەر ناسنامە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکەی گەشەی کردووە. سەبیحە قاسمـی خوشکی لەیلا لەو بارەیەوە بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە: "ساڵی ١٩٥٩ ســـەردانی بەغدامان کرد، ئەو سەردەمەی عەبدولکەریم قاســـم لەسەر حوکم بوو. ڕۆژێک بیســـتمان ئاهەنگێک هەیە، بڕیارماندا ئێمەش بچین ســـەیری بکەین. لە بەردەم وەزارەتی بەرگری خەڵکێکی زۆر کۆبووبوەوە و دروشمیان بۆ پشتیوانی لـــە عەبدولکەریم قاســـم لێ دەدا، لەیـــلا داوای لە باوکی کرد بیخاتە سەرشانی، باوکی بە قسەی کرد و هەرئەوەندە لەیلای خســـتە سەر شانی خۆی، لەیلا بە دەنگێکی بەرز دەستی کرد بە وتنەوەی دروشم بۆ کورد و کوردستان."

هـــەرزوو لەیـــلا قاســـم ئاشـــنایەتی لەگـــەڵ بزووتنەوەو ڕێکخســـتنەکانی نەتەوەکەیدا پەیداکرد. ساڵی ١٩٧٠ لەڕێگەی سەلام قاســـمی برا گەورەکەیەوە پەیوەندی بەبزاڤی سیاسیی نەتەوەکەیەوە کـــردووەو لەنێو ڕیزەکانی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) خەباتو تێکۆشانی دەســـتپێکردووە. لەیلا قاسم لەنێو قوتابییە کوردەکانی زانکـــۆی بەغدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبـــووە لەوشـــیارکردنەوەو ڕێکخســـتنیاندا. لەکاتێکـــدا کە دەگوترا ئافرەت ناتوانێت شانبەشـــانی پیاوان لەشارو لەشاخ و لەگوندەکاندا خەبات بکات، لەیلا بەپێچەوانەوە شانبەشانی قوتابییە کوڕەکانی کورد، خەباتێکی بەرفراوانتری بەڕێوەدەبردو دژ بەنایەکسانی مافەکانی ئافرەتان و پیاوان بوو، بەتایبەتیش کە بۆ خودی خۆی لەبواری کۆمەڵناســـیدا دەیخوێندو زۆرباش لەڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا تێگەیشتبوو.

دەستگیرکردنی لەیلا قاسم

شـــەوی ٢٨-٢٩ ی نیســـانی ١٩٧٤ لەیلا قاســـم و چوار لە هاوڕێکانی (جەواد هەمەوەندی، حەســـەن حەمە ڕەشید، ئازاد ســـلێمان و نەریمان فوئاد) لە ئەنجامی هەڵمەتێکی بەرفراوانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازی ڕژێم لە بەغدا دەستگیرکران.

ڕۆژنامەی «سەورە»ی زمانحاڵی ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوخۆی عێراق، دەســـتگیرکردنی لەیلا قاســـم و هاوڕێکانـــی ڕاگەیاند و وەک تیرۆریســـت، تێکدەر و گێرەشێوێن ناوزەدیان کردن.

ئەحـــلام مەنســـوور کە لە هەمان کاتدا و لـــە هەمان زانکۆ لە بەشـــی کـــوردی خوێندوویەتی بـــاس لە ڕۆژێـــک بەر لە دەســـتگیرکردنی لەیلا قاسم دەکات و دەڵێت،"سڵاوم لە لەیلا کرد، بەڵام ئەو ڕۆژە بە ســـاردی وەڵامی دامەوە و پەشـــۆکاو دیاربوو." دەربارەی کاتی دەســـتگیرکردنی لەیلا، سەبیحەـی

> لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی نەک هەر لە کوردستان و ئێراق، بەڵکو لە تەواوی وەڵاتانی عەرەبی و جیهان دەنگی دایەوە، بوو بە باسی یدیاکان و قسەوباسی ڕای گشتی

خوشـــکی لەیلا ئامـــاژە بۆ ئـــەوە دەکات ویســـتوویەتی بۆ ســـەردانێک لەیلا لەگەڵ خۆی ببات بـــۆ جەلەولا، بەڵام دواتر لەیلا پێی گوتووە کە ناتوانێ لەگەڵی بچێت. سەبیحە قاسم لە زاری دایکییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "دایکم گوتی: درەنگانی شـــەو بوو هێزێکی زۆری چەکدار هەڵیانکوتایە سەر ماڵمان و پرســـیاری لەیلایان کرد. لەیلاش هات و خۆی پێناســـاندن، بـــەڵام باوەڕیان پێ نەکـــرد و گوتیان: تۆ لەیـــلا نیت، لەیلا ســـەرۆک سەدام و هەموو حکومەتی توڕە کردووە. دواتر لەیلا ناسنامەی زانکۆی پیشاندان، ئینجا باوەڕیان کرد و بە بیانووی لێکۆڵینەوە و پرســـیارکردن لێی، دەســـتگیریان کرد و لەگەڵ خۆیان برد."

کاربەدەســـتانی ڕژێمـــی بەعـــس بـــێ ئومێـــد دەبـــن لە خۆبەدەســـتەوەدانی لەیلا، هەســـت دەکەن بەرخۆدانی لەیلا کاریگەری لەسەر ورەی زیندانیانی دیکە دەکات، بۆیە دادگای شـــۆڕش بەپەلە مەڕاســـیمێکی دادگایکـــردن ڕێکدەخات و بە تۆمەتی تیرۆر و هەوڵدان بۆ تەقینەوە لە ســـینەمایەکی شاری بەغدا، دادوەرێک بە ناوی «جاوروڵا» ســـزای لەســـێدارەدان بەسەر لەیلا قاسم و هاوڕێکانیدا دەسەپێنێت. بەهۆی ئەوەی لە مێژووی سیاسیی ئێراقدا تا ئەو کاتە هیچ ئافرەتێک لەسێدارە نەدراوە، سەددام حوسێن دوودڵ دەبێت لە لەسێدارەدانی لەیلا قاســـم، بۆیە خۆی ڕاســـتەوخۆ هەوڵ دەدات لەیلا پەشیمان بکاتەوە. سەددام حوسێنـی ســـەرۆک کۆماری ئێراق بۆ ئەو مەبەســـتە خۆی دەچێتە زیندان و لەگەڵ لەیلا قاســـم قســـە دەکات و داوای لێ دەکات پەشـــیمان بێتەوە و لە بەرامبەردا سەرجەم داواکارییەکانی جێبەجێ دەکرێن.

داواکاری لەیلا پێش لەسێدارەدانی

پێش لەسێدارەدانیان، خوشـــکەکەی لەیلاو دایکی دووجار چووبـــوون بۆ ســـەردانی، جـــاری یەکەم لەیلا قاســـم داوای ئەوەی لەخوشکەکەی کردبوو کە بۆ سەردانی داهاتوویان کە دەیزانی دواسەردانیان دەبێت، جلوبەرگە کوردییە تازەکانی بۆ بێنێت لەگەڵ مەقەســـتێک بۆ دوا سەردانییان ئەوەی ویستی بۆیان برد، لەیلا بە مەقەســـتەکە کەمێک لەزوڵفی بڕی و دایە خوشکەکەیو وتی "ئەم قـــژەم بۆ یادگـاری لای خۆت هەڵگرە" خوشکەکەی پێیوت: ئەی جلـە کـوردییەکـانت بـۆچییە؟!

لەیلا بەزەردەخەنەوە وەڵامی دابووەوەو وتبووی "خوشـــکم مـــن دوای چەند ڕۆژێکی تر دەبمە بوکی کوردســـتان، خاکی کوردســـتان پێشـــوازیم لێدەکات، بۆیە دەمـــەوێت بەئەوپـەڕی جوانییـــەوە خاکەکەم لەباوەشـــم بگرێت، خۆشەویســـتیم بۆ کوردستان بێسنورە، من بوکی کوردستانم، دەمەوێت بەبوکی کوردســـتان ناوم بەرن، کاتێکیش کە تەرمەکەم وەردەگرنەوە، نامەوێـــت بگرینو شـــینو شـــەپـۆڕم بۆ بکـــەن، بەڵکو پڕ بەگەروتـــان هەلهەلـــە لێدەنو هاوار بکەنو بڵێن شـــکۆداریو نەمری بۆ بارزانیو پارتی".

میدیاکانی عێراق: یەکەمین ئافرەت لە مێژووی عێراقدا لەسێدارە درا

ڕۆژی ١٣ی ئایـــار هەواڵی ســـەرەکی میدیـــاکان ئەوە بوو: شەوی ڕابردوو، لەیلا قاسم و هاوڕێکانی لەسێدارەدران.

گەلانی ئێراق و کوردستان بە بیستنی هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی تووشی شۆک بوون. گەلی کوردستان و ئازادیخوازانـــی ئێـــراق ڕۆژێکـــی تاریک و پڕ لـــە خەمیان دەســـتپێکرد. لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی نەک هەر لە کوردســـتان و ئێراق، بەڵکو لە تەواوی وەڵاتانی عەرەبی و جیهان دەنگی دایەوە، بوو بە باســـی یدیاکان و قسەوباســـی ڕای گشتی.

لەیلا قاســـم یەکەمین ئافرەتە لەمێژووی عێراقدا، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراســـتیش تاکە ئافرەتە لەلایەنی سیاسیەوە لەســـێدارە درابێت. هەروەها چوارەمین ئافرەتی جیهانیشە لە ســـێدارە درابێت دوای هەریەک لە جاندارکی فەرەنسی، زۆیای ڕۆسی و لەیلای مەغریبی، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەکەن لەیلا قاســـم حەوتەمین ئافرەتی جیهانە لەمێژوودا لەســـێدارە درابێت. پێدەچێت ئەم بۆچونە راستتر بێت لەبۆچوونی پێشوو چونکە جگە لەم ئافرەتە، ئافرەتی تر هەبووە لەسێدارە دراوە لەلایەنی سیاسیەوە وەک جەمیلە بوحەیردی جەزائیری.

چەندین شـــاعیرو نووســـەر بەشـــیعرو پەخشـــانو وتار گوزارشـــتیان لەخۆشەیستی و دڵســـۆزی خۆیان بۆ شەهید لەیـــلا قاســـم دەربڕیوە، یەکێک لەوانە شـــاعیری ناســـراوی گەلەکەمان هێمن موکریانیە کە لەچوارینەیەکدا بۆ لەیلا قاسم دەڵێت:

کە تـۆ تـــۆرای لەچـــاوم وەک خـــەونی مـــن
لەبـــسکت ڕەشـــترە مـانگەشـــــەوی مـــن
بـــڕۆ مەجنـــون بەلەیـــلای خـۆت مەنـــازە
کە نـاوبـانـــگی دەرکـرد پتـــر نـــەوی مـــن

هێلین میدیا

له هێلینەوە

- بە پێــی راپۆرتــی هەواڵگری"مهر"وەزارەتی زانستی_یونسـکو"لە راگەیەندراوێکـدا، داوا لــە ئافرەتــە لێکۆلەرەوەکانی بواری زانسـت لــە جیهان دەکات کە بەشـداری لە کێبەرکێی زانستی ساڵی ٢٠٢٢ بکەن و خەڵاتی "یونسکو-ئورئال"ببەنەوە کە بڕەکەی "سەد هەزار یۆرۆیە" و دەبەخشـرێتە ٥ ئافرەت لە هەموو جیهاندا، ئەو ئافرەتە لێکۆڵەرەوانە پێویستە دەستکەوتی زانسـتی زۆر گـەورە و چالاکانەیان لە یەکێک لەو بوارە زانسـتەدا هەبێت: بوارەکانی زانستی فیزیا، بیرکاری، زانستی کۆمپیوتەر.
- بە پێیَ راپۆرتی زانکۆی "مک گیل"ئەمسال بۆ یەکەم جار پشـکی ئافرەتـان لەریزبەندی سیسـتەمی زانکۆ و دامـەزراوە پەروەردەییە باڵاکان، بۆ ٢٠٪بەرز بۆتەوە." سـوزان فورتیە" سـەرۆکی زانکۆی "مک گیل" لە کانادا کە لەو ریزبەندییە دا وەکو نویەمین زانکۆ هەلبژێردراوە لەو بـارەوە وتی: "ئەو ئامارە دڵخۆشـکەرە و بەرەوپێشچوونی ئافرەتان لە زانکۆ و کۆمەڵگە دەردەخات، هەر چەندە ئێسـتا کاری زۆر ماوە لەو بوارەدا ئەنجام بدرێت تا دڵنیابین لەوەی کە سیاست و پێکهاتە کۆمەلایەتییەکان بەربەستە دروسـتکراوەکانی بەردەم ئافرەت نەهێڵن". بە پێی ئەو راپۆرتە ١ لە سەرەی زانکۆ باشەکانی جیهان لە لایەن ئافرەتانەوە سەرپرشتی دەکرێن و ئەو رێژەیە رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات.
- رۆژنامەی "دیلی میـل" بڵاوی کردەوە کە لەمەودا ئافرەتانی دووگیان بە تاقیکردنەوەیەکی خوێـن زۆر بــە ئاسـانی دەتوانـن وادەی لە دایکبوونی کۆرپەکەیـان لە کاتی خۆیدا دیاری بکـەن، ئەو تاقیکردنەوە لە دوو تا چوار هەفتە بەر لەدایکبوونی کۆرپە بــۆ ئافرەتی دووگیان ئەنجام دەدرێت، ئەو تاقیکردنەوە لە راسـتیدا گەشـەی هۆرمۆنەکان لە کاتی ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونی کۆرپە دەردەخات. ئەو تاقیکردنەوە وا بڕیارە تا دوو ساڵی تر بکەوێتە بازارەوە.
- "سـیمۆن دی بۆڤار" لــە کتێبی رەگەزی دووەم دەڵێـت: "هەندێک گرێـی دەروونی لە پیاواندا هەیە کە هەر لە قۆناغی منداڵیدا گەشە دەکات و لــە تەمەنی گەورەیدا بە شـێوازێک دەیەوێت رێگا بۆ دەربرینی ئەو گرێ دەروونیانە بدۆزێتەوە هەر بۆیە لە رێگەی توندوتیژی، هاوار کردن و دامەزراندنی حاکمیەتێکی پیاوسالار لە ژینگەیەکی بچووکی وەکـو خێزاندا، دەیەوێت بە سـەر ئەو گـرێ دەروونیانـەدا زال بێت و قەرەبووی رابردوو بکاتەوە.
- بــە پێــی راپۆرتــی تەندروسـتی نیوز"زەنجەفیل" یەکێکە لەو بەهاراتە گرنکانەی کە بــۆ ئافرەت زۆر گرنگ و بەسـوودە وەک: گەشـەی قـژ، کەمکردنەوەی ئازاری سـوری مانگانـە، نوێبوونەوەی پێسـت و دابەزاندنی کێش. بەڵام پێویسـتە بە پێی رێنمایی پزیشک سوودی لێوەبگیرێت.

ئا:نەسرین حەسەن

سیستمی فێرکاری و هزری ناتوندوتیژی لە کۆمەڵگەدا

هێلین میدیا

شوناسـی هەموو تاکێک لە خێزانەوە دەسـت پێـدەکات، لــەم دیدگایــەوە خێــزان دەبێتە یەکەم شـوێنی پێگەیشـتنی منداڵ بەهەموو رەهەندەکانیــەوە، هەربۆیە رەفتارو کردارەکانی رەنگدانەوەی خێزانە.

خێزان بەپێی ئــەو فەزایەی بۆ منالّی دابین دەکات لە داهاتوودا دەبێتە بەشێک لە خواست و جیهانبینیەکانی و بەردەوام کاری بۆ دەکات. خوێندنەوەی توێژینــەوە جیاجیاکان لە بارەی رۆڵی خێزانەوە لە گەشەی فکری و پەروەردەیی ئەوە دەردەخەن کە خێزان بەیەکەی کۆمەڵایەتی بەرپرس دادەنرێت بە شـێوەیەکی سـەرەکی لــە دەرکردنی رەفتــارە جیاوازەکانی منالّ لە قۆناغەکانی داهاتووی تەمەنیدا. وردە وردە ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتیە گۆڕانکاری بەسەرداهات، دەسـەڵاتی پەروەردە و فێربوون دوای خێزان درا بــە کۆمەڵگـە، ئەمەش بــە هۆی فراوان بـون و کاریگەربوونــی هۆیەکانی راگەیاندن لە دارشتنەوەی عەقڵییەت و دەزگاکانی فێرکردن.

قۆناغــی تێکەڵبوونی منالّ لــەدوای خێزان هەر لەتەمەنی یەک سـاڵیەوە دەست پێدەکات لەداینگەو باخچەی ساوایانەوە، منالّ دەتوانێت بیری ئاشتیخوازی و یەکتر قبوڵکردن لە هزری بچەسـپێنێت. دەتوانێـت وەک تاکێـک بەپێی ئەو تەمــەن و تێگەیشـتنەی هەیەتی هەرزوو کاردانــەوەی بۆ بابەتە وەرگیــراوەکان دەبێت بەتایبەت ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکدا گەورە بێت کە ئایین و کلتوری جیاوازی تێدا بێت، هەرچەندە منالّ لەو تەمەنەدا درک بە جیاوازیەکان ناکات بەلاّم ئەگەر خێزان هاندەری بن و روونکردنەوەی بدەنێ لەسـەر ئاین یاخود خێزان بیەوێت هەر زوو لــە ئاینەکــەی خۆیانی بگەینــن ئەو کات منالّەکەش ناخودئاگایانــە دەبێتە پەیرەکەری ئەو ئاین و فکرە بەبێ ئەوەی بزانێت کە چیەو بۆچی دەبێت قبوڵی بکات. سـەرباری ئەوەش ئەگەر لە دەرەوەی خێزان بەریەکەوتنی هەبوو لــە هاوتەمەنەکانــی خۆی رەنگــە جۆرێک لە شۆک و دروستبونی پرسیارگەلی بێ وەلاّمی بۆ دروست بێت کە تا دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو ئەو پرسیارانە هەر لە هزریدا بمێننەوە. راهێنانی منالّ و هەرزەکاران لەسەر پرۆسەی یەکتر قبولّ کردن و دروسـتکردنی روحی هاوکاریکردن بە یەکێک لــە میکانیزمەکانی خولّقاندنی جیهانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە دائەنرێت.

پرۆسـەی پەروەردە و فێـرکاری لای کانت ئەوە دەگرێتەوە کاتێک منــالّ لەتەمەنێکدا لە خێزان دەردەچێت و تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبێت، بەلاّم لە ژێر کاریگەری خێزاندا هەردەمێنێتەوە بە تایبەتی تەمەنی پێش دەرچونی لە خێزان. ئەگــەر منالّ لەسـەرەتاوە وازی لێبهێنرێت و لەهەموو شـتێکدا ئازادبێت، تەنها لەو کارانەدا نەبێت کەمایەی زیانن.

دایــک وەک یەکــەم پەروەردەکــەری منالّ رەچاوی ئەمانە بکات و سنوریان بۆ دابنێت،نابێت کارێکی هەڵە یاخود درۆیەک لەگەڵ منالّەکەیدا بــکات، وبتوانێــت پەروەردەیەکــی راســتی منالّەکەی بکات تالە داهاتودا تاکێکی دروسـت پێشکەش بەکۆمەڵگەکەی بکات. زۆرجار دایک لەناخود ئاگاییەوە کارەکانی لەبەرچاو منالّەکەی رادەپەرێنێ و جێبەجێدەکات لەبەرامبەریشــدا منــالّ دەرک بە کــردارەکان دەکات و لەلایەن خۆیەوە بە خودئاگاییەوە دووبارەیان دەکاتەوە.

بێگومان دایک وەک رەچاوکەرێکی بەردەوام ئەو کردارانەی لەگەڵ تەمەنیدا ناگونجێ رێگەی لێدەگرێت و ناهێڵێت منالّەکەی دوبارەیبکاتەوە، بەلاّم منــالّ بەرپەرچدانەوەیەکی توندی دەبێت و پێیوایــە ئــازادی لێگیــراوە و ناتوانێــت ئــەو تواناییــەی کەخۆی هەیەتی بــە ئازادی دەرییبرێت. رۆسۆی فەیلەسوف پێیوایە مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت و دەبێت هەرئازادبێت، کەواتە دایک دەبێت ئازادی تەواو بۆ منالّەکەی دابیــن بکات کە دووربێت لە هەرەشــەو لێدان هەتــا ئــەو حالّەتانە لە هزریدا ناچەسـپێت و بیەوێــت وەک تۆڵــە لە داهاتــوودا ئەنجامیان بدات، ئەگەرنا دەبێتە تاکێکی شەرانگێز.

بەپێی توێژینەوەیەکی ناوەندی توێژینەوەی منــالّ و خێزان لە زانکۆی بریســتۆلّ، نزیکەی ٣٦ ملیــۆن منالّ لە جیهاندا بەهۆی کێشــەو ململانێکانەوە لەپرۆسەی خوێندن بێبەشکراون ئەمەش راســتەوخۆ کاریگەری لەســەر ئاستی رۆشــنبیری و چۆنیەتــی یەکتر قبــولّ کردن هەیــە چونکە شــەر و ململانێــکان دەبنەهۆی چەکەرەکردنــی هزری توندوتیژی و توندرەوی، بەپێچەوانەوە سیســتمی خوینــدن وفێرکاری میکانیزمێکە بۆ سەپاندنی چەمکی خۆشەویستی و پێکەوەژیانی ئاشــتیانە. لەرێگەی سیستمی فێرکاریەوە مرۆڤ دەتوانێت ئاشــنا بکرێت بە مێژوو و شارستانیەتی ئەو نەتەوە و میللەتانەی کە هیچ رێگرییەک نیە بۆ پێکەوە ژیانیان وەک جیــاوازی ئایین و نەتەوەو کلتور. سیســتمی فێــرکاری دەکرێــت لەرێگــەی کەناڵەکانەوە راگەیاندنــەوە بگەیەندرێتە خەڵک بەلاّم لەهەر کۆمەڵگەیەک شــەرهەبێت ئەوا ناتوانرێت نەک هەر سیســتمی فێرکاری بەڵکو هیچ بەشــێکی ئەو ژیانە لە شــوێنی خۆیدا بێــت و مەهام و ئامانجەکانی خەڵک بێتەدی.

لە پەیامێکی پەیمانگای نێودەوڵەتی ئاشتی جیهانیدا هاتووە پەیوەندی سیستمی فێربون و پەروەردەکردن و ئاشتی دوو چەمکی گرێدراوی یەکتریــن، ئاشــتی دەتوانێت پەرەبســتێنێت لەرێگــەی خوێنــدن و منالاّنــەوە چونکە بەم رێگایە دەتوانرێت نەوەیەکی ئاشتیخواز دروست بکرێت کە لەئەنجامــدا نەک هەر کۆمەڵگەکەی خۆی بەڵکو هەموو جیهان دوور دەبن لە شەرو کێشە نێودەوڵەتیەکان.

ئاشــتی بــەو مانایــە دێــت لــە هەمــوو کۆمەڵگەیەکــدا تاکەکانی بەبێ جیاوازی ئاین و رەگەزو چین و نەتەوە هەست بکەن مافەکانیان لەچوارچێوەی یاســادا پارێزراوە و دڵنیاین لە ژیان و ئایندەیان.

لەم ڕوانگەیــەوە، ئەگەر دیقەت لەووتەیەکی "ماندیلا" بدەین لەســەر چەمکــی پەروەردە، تێدەگەیــن گرنگتریــن ســێکتەری کۆمەڵگە پەروەردەیــە و کاریگــەری لەســەر هەمــوو سێکتەرەکانی دیکە دەبێت، وە خالّی گۆرانکاری کۆمەڵگەیە لەرووی پێشکەوتن و شارستانیەوە.

سیســتمی فێرکاری و پەروەردەیی دەبێتە خالّــی گرێدانی لەگەڵ ســێکتەرەکانی دیکە و راســتەوخۆ پەیوەندی هەیە لەگەڵ سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی. دەبێت ئەوە روون بێت لامان سیاسەتی پەروەردە هۆکاری دروستبونی تاک و هاوڵاتی باش و چالاکە بۆ نیشــتمان بەو مانایەی لە ولاّتە دیموکراســیەکاندا پەروەردە تەنها رێگەچارەیەکە بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵک لە کێشە و ململانێکان، بەرپەرچدانەوەی بیری توندرەوی و توندوتیژییە.

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org